Dr.Saleh Ebrahimi



ئاکادمیک ئی ـ آ. ئوربلی نوسیویەتی: هەمو نەتەوەیێک ئەحمەدی خانی‌یان لە بیر بردوّتەوە یا باشتر بلّیم: هیچ کەسێک لە نەتەوەکانی لاوەکی ئەحمەدخانی ناناسێ تەنیا کوردەکانە، کە خانی باش ئەناسن و ئەویان لە بیر نەبردوّتەوەو هێمان ناو بانگی خانی لە هەر شوێنێکا ویردی زمانە، بی‌شک هەر کوردێک ئەم ـ شاعیرە نەتەوەییەی خوّی باش ئەناسێ. ـ ئەم قسانەی ئاکادمیکی ئیی. آ. ئوربلی راستە.

**کوردەکان ناوی ئەحمەدی خانی‌یان** لە بیر نەبردوّتەوە و هەرگیزیش لە بیری نابەنەوە.

زوّرێ لە شاعیرانی کورد، وەکو: (حاجی قادری کوّیی ـ کوردی ـ پرتەوبەگی حەکاری ـ زێوەر ـ خەلیفە بەها) وەک ئەحمەدی خانی وە لەم دەم و ساتەش‌دا شاعیرانێکی ناوداری وەکو کامەران ـ هەژار ـ گوّران، نەریمان ـ تەوفیق وردی ـ جگەر خوێن ـ هێمن ـ وەکو ئەحمەدی خانی ئالآی نیشتمان ویستی وگەل پەروەری‌یان بەرز کردوەتەوە و بێ‌ترس و مچرک هاتونەتە ناو ریزو ریزی خەبات گیرانی ئازادی کورد و خەباتیش ئەکەن.

تا نەتەوەکانی خوّر هەلآتی نیزیک و ناوە راست لە دیلایەتی زوّرخوّران و مارزان و نیمپریالیزم و زوّرداران و زالّمان رزگاریان بێت تا بە ئازادی ژیان بدەنە سەر و لە ریگای دوّستی و برایەتی دا بچنە پیّشەوە. **قانات کورد** و لینینگراد ١٩٥٨ س وەرگێران و وەرگیراوی: «شەپوّل».

Dr.Saleh Ebrahimi



# عەللامەو زانای ناودار حاجی مامۆستا مەلا حسین مەجدی مەهابادی: ۱۲٦٥ ـ ۱۳٥۰ی هەتاوی

ئەم زانا ناودارە زۆربەی قورئانی کەریمی لە بەر بو، هەر وەک فەقێیان دەهات و ئەچو و لە بەر قورئانی دەور ئەکردەوە، ـ **بەراستی بەکەمترین بێژەو واژە باشترین واتای لە ئایەتەکانی قورئان ئەکرد،** ئەگەر بە زوانی کوردی ئەهاتە سەر دەرس وتنەوەی تەفسیری قورئان و دەرس دانەوەی حیکمەت وکەلام و مەنتیق بەراستی، هەر لە خۆی دەکالآیەوە، کە نوکتەی ورد، ورد و ریزەکاری ـ عیلمی و فەرهەنگی و هونەری و زانستی و فەلسەفی دەربخات، **لە رۆژگاری خۆیدا ئیمامی شافعی یەک بو،** حاجی مامۆستا مەلا ـ حوسین مەجدی لای زانای ناودار مەلا (عبدالرّحمن ـ فاضلی) نەوەی مەلای یایێ لە مزگەوتی سور خوێدویەتی لە شارە زانست و هونەر پەروەرەکەی مەهابادی موکری و ئیجازەی ئیفتاو تەدریسی وەرگرتووە.

حاجی مامۆستا مەلا حوسین مەجدی لە سەر زۆربەی پەراوە ـ عیلمی و زانستیەکان کۆبەو حاشیەی هەیە، لە ماوەی ۸٥ ساڵ عومری شەریفیداکە لە مزگەوتی بازاری شاری مەهاباد و فێرگەی بەرزی علومی دینی و ئیسلامی مزگەوتی سوی مەهاباد تەدریسی کردوە ـ هەزاران فەقێ وەکو مەلا عەبدولکەریم شاری کەندی: (مصطفیٰ‌پور) کە لە ۱۳۰٥ هەتاوی لەگوندی قاجر لە دایک بووە و لە نۆسانی ۱۳٦۱ هەتاوی لە مەهاباد شەهید کراوە، یا زانایانێ وەکو حاجی مەلا صالح رەحیمی ئیمام جومعەی نەغدە و مەلا سەعید ئیبراهیمی محەمەدی کە کتێبێ وەکوگەشتێ لە عولومی بەلاغەو کتێبێ وەک قارەمانانی نەتەوەی کورد وکتێبێ وەک ئاشنایی بە تەحە ولاتی ئیسلامی و... هەیە و چەندین زانای‌تر لە فێرگەی ئەو زانایە دەرسیان خوێندوە و پێگەیشتون و ئیجازەی ئیفتا و تەدریسیان لای وەرگرتوە، ئەمە سەرە ڕای ئەو هەموو نوسینەوەی ئەو هەموو مەسائیلی فیقهی و شەرعی و ئیرسی و دینی و ئیسلامی یانە بوە، کە فتوای پێداون وکاروباری شەرعی و دینی خەڵکی ئەو ناوە ناوەی ئەنجام داون.

Dr.Saleh Ebrahimi



حاجی ماموّستا مەلا حوسین مەجدی زۆربەی ئەشعاری مەنظومەی سەبزەواری لە بەر بو و ئەو کتێبەی بە هەر دو بەشی مەنتیق و ـ فەلسەفەوە، کردبوە پارسی، شیعرەکانی بە شیعری پارسی و مەتنەکەیشی بە مەتنی پارسی و زۆریش سارکارو رەوانە، من دیومە کە بە دەس و خەتی خۆیی نوسراوەتەوە و محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) کە لە خزمەت ئەوراتە ئیجازەی ئیفتاو تەدریسی وەرگرتووە هەندێ لەوەی رونوسی کردوە. بۆوێنە لەباسی مای شاریحەو هەلی بەسیتە و هەلی مورەکەبەو... دا، لەسە بزواریدا، بە شیعری فارسی ماموّستا هەر چوار، مەبەستەکەی بە جوانی بەیان کردوە کە بەشیعر، فەرمویەتی:

(معنی لفظ و حقیقت پی وجود    بعد از آن احوال را باید نمود).

ماموّستا مەلا حوسین مەجدی دوکوڕی فازلی هەیە:

۱ ـ دوکتور محەمەد مەجدی ۲ ـ حەسەن مەجدی.

دوکتور محەمەدی مەجدی کە لە ۱۳۰۲ هەتاوی لە مەهاباد ـ لە دایک بوە، ئوستادی ویژاوەری زانکۆی گوندی شاپوری ئەهواز بووە و لە کۆنگرەی لێکۆڵینەوەی کرمان سالی ۱۳۵۵ و کۆنگرەی تەوریزی سالی ۱۳۵۴ و هی زانکۆی نەتەوەی تاران بەشداری کردوەو مەبەستی بە کوردی و پارسی زۆرە، بە تایبەت لە سالنامەی مەهاباد سالی ۳۴ و ۱۳۴۳ی هەتاویدا و هەرواکتێبی رحلة الی رجال و شجعانی و لە عەرەبیەوە کردوتە فارسی و چاپیش کراوە و کتێبی ئەبوبەکری صدیقی لە عەرەبیەوە هێناوە تەسەر زمانی فارس و لە چاپ دراوە. دوکتور محەمەد مەجدی بۆ ماوەی ۱۶ سال سەروک و بەرپرسی زانکۆی ئازادی ئیسلامی شاری مەهاباد بوو هەر خۆیشی ئەو زانکۆیەی دامەزراندو رازندی‌یەوە و زەوی و زارێ فرەی لەم لاو لەولا بۆ پەیدا کرد و ساختومانێ فرەعالی بۆ سازداو بە لوتف و کاردانی و لەکارزانی و مودیر یەتی قەوی، ئەو زانکویەی گەیاندە ئێستا (۲۰۰۷ ز ـ و زانینخوازانێ فرەی لەوێ لە مەهاباد، پێگەماند. حاجی ماموّستا مەلا حسین مەجدی کوڕی حەسەن ئاغایە و لە سالی ۱۲۶۵ یا ۱۲۶۸ هەتاوی. لەگوندی قالوێ galwe ناوچەی گەورکی Gewitik لە دایک بوە و لە سالی ۱۳۵۰ی هەتاوی لە شاری مەهاباد بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە و هەر لەوێیش نێژراوە و حەشیمەتێ فرەزۆر لە

Dr.Saleh Ebrahimi



سەر جەنازەی موبارەکی حارزبون و نویژیان لە سەرکردو لە پرسەو سەرە خۆشیدا بە شداربون. باشە بزانین کتێبی سەبزە واری بە هەر دو بەشەکە یەوە، ماموستا بە فارسی یەکی سادە، شیعرەکانی بە شیعرو دەقەکەیشی بە پەخشانی فارسی تەرجەمەکردبوو مەلا عەبدوللای تالەبانی (قاسمی) کە فەقێی ماموستا بو، ئەو کتێبەی لە ماموستا وەرگرتبو کە بۆیی لە چاپدا، بەڵام بە ناوی پایاننامەی مەدرەکی لیسانسی خۆی لە زانستگەی ئیلاهیات لە تاران لە قەڵەمی داوە.



حاجی ماموستا مەلا حوسین زانایەکی زۆر قسە خۆش و نوکتە زان و (حاضرالذهن) و حازر جەواب بو، خەڵک هەر حەزی ئەکرد لە کۆڕی قسەو دەرس و پەند و آموژگاری یەکانیدا بەشداری بکات، ئێستاش قسەی خۆشی ئەو زانایە ویردی زوانی خەڵکە.

ماموستا مەلاحسێن مەجدی خوو ئاکارو تایبەنمەندی مرۆڤانی بە رزو بڵێندی هەبوو، فرەسیفەت بەرزومرۆ دۆست و نیشتمان خۆشەویست بوو فرەزانا بە زانینەکانی ئیسلامی بوو بەکورتترین رستەو ردترین و پڕناوەروکترینی واتای قورئان و مەبەستە سەختەکانی فەلسەفە وکەلامی بەیان، دەکردو فەقێ و مەلا و خەڵکی، لیێ تێدەگەیاندو خەڵکی و مەلاو زانایانی هاوسەردەمی، ماموستا مەلا حوسین مەجدی یان، بە ئیمام شافعی سەردەم دەزانی عەللامە ماموستا مەلا حسین مەجدی وەزیری داد ـ ی کۆماری ١٩٤٦ ز ـ بوو لەرۆژانی جێژن، دوای نوێژی جەژن، لە مزگەوتەوە سەر راست دەچووە جێژن موبارەکی خاوخێزانی عەللامە، مەلا رەحمانی فاضلی و تەنانەت جێژنانەشی پێی دەدان و بەو جۆرە، ئەرکی سەر شانی خۆی سەبارەت بە بنەماڵەی ماموستاکەی ئەنجام دەدا.

ماموستا مەلا حسین هەم لە مەعارفی ئیسلامی و زانینەکانی قورئان و فەرمودە و

Dr.Saleh Ebrahimi



فەلسەفەو کەلام و مەنتیق و زانینەکانی بەلاغەو شیعر و شاعیری و زانستی ئوسولی فیقهو شەریعەتی ئیسلامی پرزاناو شارەزا بوو هەمله ویژە و ویژەوانی زمانی عەرەبی و فارسیدا هەر مەوجی دەدا، هیچ زانایێ وەک ئەو زاتە عەرەبی بە جوانی و بە بێ هەڵە، نەدەخوێندەوە، عەللامە مەلا ئەحمەد تورجانی زادە ئوستادی مومتازی زانکۆی تەوریز، کە بە فەقییەتی لە مەهاباد، لای ماموستا مەلا حسین مەجدی خوێند بوی، دەی فەرمو کەس وەک **ماموستا مەلا حسین نیزامی کوری رەئیسەی کورد،** ناناسێ و دوکتور کامکار ئوستادی زانکۆی تاران بۆفێربونی شیعرەکانی نیزامی گەنجەوی، دەهاتە مەهاباد لای عەللامە، حاجی ماموستا مەلا حسین و دوکتور کامکار، رایگەیاندوە، کە تائێستا ئەدیب و ویژاوەریکم، نەدیوە کە وەکو عەللامە ئوستاد حسین مەجدی مەهابادی بە بیروراو هزر و ئەندێشە و بیروردی، **ئاسەواری نیزامی گەنجەوی رەئیسەی کورد،** شارەزاو خاوەن دەسەلات و ناسیاو بێ. نوسەری ئەم دێرانە (شەپۆل) لە ساڵەکانی ٣٤ - ١٣٣٦ی هەتاوی کە لە فێرگەی ئوستاد عەللامە مەلا حسین مەجدی مەشغولی خوێندن و پیاچونەوە و لێکۆڵینەوەی زانینەکانی ئیسلامی بوم لە خزمەت ئەوزاتە پرزانایە، دەم دی ساڵێ چەن جار **حاج یوسف شێعار لەگەڵ جەعفەر شیعاری کوریدا،** دەهاتنە مەهاباد، لای حاجی ماموستا مەلاحسێن بۆ فێربونی قورئان و تەفسیری قورئان و فێربونی ریزەکاری زانستی تەفسیری قورئان و حاج یوسف شیعار لە تەوریز سەروک و سەر حەلقەی کۆری تەدریسی قورئان و تەفسیری قورئان بو و لە پەسەندی ماموستا مەلا حسین مەجدی لە سەرە خۆشی وەفاتی ئەوزاتەدا نوسیویەتی: «پێنسەت ساڵی تر زانایێ وەک ئوستاد حسین مەحدی، ئاوا زاناو شارەزا بە زانینەکانی قورئان و ئیسلام لە ولاتی ئێران پەیدا نابێ، روحی شاد بێ (بروانە ژیناوەری زانایانی کورد لە خزمەت... پەرەی ٨٥٧ تا... چاپخانەی مەهارەت چاپی ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیرورا

□ روّژنامه‌ی ئیتیلاعات روّژی یه کشه‌مه ٢۴ خاکه لیوه‌ی ١٣٨٢ و ١٠ مانگی سه‌فه‌ری ١۴٢۴ و ١٣ ئاوریلی ٢٠٠٣ ز له ژماره‌ی ٢٢۴۵ی خویدا له په‌ره‌ی ٦دا ئه‌م قسانه‌ی دوکتور محه‌مه‌د ئیبراهیم باستانی پاریّزی له چاپ دا بوو بلاّوی کردبوّوه. منیش لام وابو باشه به کوردیش بلاّو بکریّته‌وه، جا ئه‌وه بو ئه‌و مه‌یه‌ستەم هیّنایه سه‌ر زمانی کوردی تا کورد زمانانیش ئه‌و بیرورایانه بخوّیننه‌وه‌و بیرورای خوّیانی له سه‌ر زیاد بکه‌ن‌و هه‌ندیّ ئه‌و باس و خواسانه روناکتر بکریّته‌وه و که‌لّکیان لیّ وه‌ر بگیردریّ (شه‌پوّل)

**بیرورا**

**ئه‌م شه‌تته ره‌وانه چی‌یه ـ که به نیّوبه غادا دیّ و ده‌روا**

بـر آنـچه مـی‌گذرد، دل منه که دجله بسی پس از خلیفه بخواهد گذشت از بغداد. (سعدی)

یانی ئه‌ونه دلّت لای ئه‌وانه نه‌بیّ که ده‌روّن و وندا ده‌بن، چونکا ئاوی ده‌جله، دوای حه‌لیفه‌یش، فره‌له به‌غاوه دیّ‌و ده‌روا.

له قسه و با سه کانی **وه‌زیری دیفاعی ئه‌مریکا، که له راستیدا فاتیحی به‌غایه** له سه‌ده‌ی ٢١دا، یه ک رسته‌ی به زمان رایگه‌یاند، که له میّژودا سه‌بت ده‌بیّ. ئه‌وگوتی: «**من کاتیّ** فیلمی چونی سه‌ربازانی خوّمانمان بو نیّو (به‌غا) دی هه‌ستم به غرور کرد، ئه‌م چونه ئه‌بیّ **له میّژودا بنوسری و سه‌بت بکریّ...**» رامسفیّلد، هه‌روا رایگه‌یاندو گوتی: «... ئه‌توانریّ ئه‌م روداوه، به‌رمیانی دیواری بیّرلین له باری گرینگی میّژویی یه‌وه، به‌راورد بکریّ...» دیاره میّژو له‌قسه‌ی رامسفیّلد ورد ئه‌بیّته‌وه و چوونی هیّزی جه‌نگی ئه‌مریکا و ئینگلیس بوّ نیّو به‌غا، به‌دلّ نیایه‌وه ده‌نوسریّ و سه‌بتیش ده کریّ. به‌لاّم له بابه‌ت برگه‌ی ٢ قسه‌ی وه‌زیر جه‌نگی گه‌وره هیّزی دنیا و به‌راورد کردنی ئه‌وه له‌گه‌لّ تیّک قرمانی دیواری بیّرلین، که هه‌ر دو فیلمی ئه‌وه‌مان دیوه، دیاره جیّیّ قسه لیّکردنی ماوه، چونکا هیچ ٢روداوی میّژویی له جیهاندا، نیه که له یه ک بچن و هاوتا و هاو سه‌نگی یه کتربن و ئه‌م میسال و نه‌زیله‌ی جه‌نابی وه‌زیر له جوّری ئه‌و به‌لگه قیاسی و به‌راوردکردنه‌یه، که

Dr.Saleh Ebrahimi



مەولانا، ئەوە، بە دەر لە وەهم و قیل و قال، دەزانێ و بە بەشێ لەو جۆرە نەزیلانە کە بەکزو لاوازترین جۆری بەلگەی مەنتیقی دادەنێ و لە حەقیش لانەدەین لە نێوان خۆبەدەسەوەدانی بەغاو دارمیانی دیواری بێرلین، چکۆلەترین موناسەبەیێ لە باری مێژویی یەوە، لە ئارادانیە. چونکا ئەو ٢ روداوە گرینگە لە ٢ شوێنی جیا لەیەکتر و بە تێکۆشانی کەسایەتی جیاجیا روی داوە. لەسەر ئەو بنەرەتە کە هیچ کام لە ٢ روداوەی مێژویی، قەت وێک ناچن و وێنەی یەکترنین، هەرچەندە هەندێ وێک چوونی فریودەریانە لەو دوانەدا کۆبێتەوە، جاکەوابێ، وەرز: کژی ٢ی قسەکانی هەلدەوە شێتەوەو ئەم نوکتە، ئێمە بۆلای نوکتەیێتر ریتویتی دەکاکە بە داخەوە دەسەلاتدارانی دەولەتەزل هێزەکانی دیکەیش نە تەنیا مێژوکەمێ دەزانن، بەلکو ئەگەر فرەیشیان بزانیبا، کەمترین **ئەزمون و پەندیان لە مێژو، وەرنەگرتووە.** هەرجۆر بێ قسەی ئەو فەرەنگیە، خاوەن، بیرورایە، باش نیشان دەداکە «ئەزمونی مێژویی بە ئێمە دەلێ: کە هیچ کەسێ لە مێژو تەجرەبە فێرنابێ» لە حالێکدا یەکێ لە باشترین و شیواترین **راسپاردەکانی نیکسۆن سەرکۆماری ناوداری خۆش قەلەمی ئەمریکا،** ئەوەیە کە هەر سەرکۆمارێکی ئەمریکا، حەتمەن ئەبێ ئاشنایی و ناسیا وێکی تەواوی بە مێژو هەبێ.

**نیکسۆن سەرکۆماری رەحمەتی** دەس لە کارکێشاوی نیوە ستەم لێکراوی ئەمریکا، کتیبێ فرەی نوسیوە و فرەیێ لەوانەش کراو نەتە فارسی کە یەکێ لەوانە، فەرەیدونی دەولەتشاهی تەرجەمەی کردوە و ئەوەکتیبی ١٩٩٩ سەرکەوتنی بێ جەنگ» ە. جێی ورد بونەوە یەکە پێش بینی سەیرو سەمەرەی نیکسۆن گەورە مەزنی بێ چون و چرای ئەمریکا، لەم کتێبەیدا نیشان دەدا، نیکسۆن دەلێ: **«رەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا،** بەسێ عامیلی گرینگ بۆکارپێی کردنی یەک رابەری ناوەندی پرهێز، نیازی هەیە. یەک سەرکۆمار کە بتوانێ باشترین کەلک لە موشاویرانی خۆی، وەربگرێ... لە سەدەی نۆزدەدا ئەکرا سەرکۆمار، سیاسەتی دەرەوەی، **بە وەزیری دەرەوە بسپاردایێ،** بەلام... سەرکۆمار ئەشێ رابەرێ بێ، کە لەگشت و کارو بارێ شارەزابێ و دەسی هەبێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



**یەکەم سەرکۆمار، ئەبێ تاریخ بناسێ.** سێر رابێت منزیس کەفرە بە شیاوی لە پلەی سەرەک وەزیرانی ئوستورالیا خزمەتی کردوە، قسەیەکی جێی ورد بونەوەی هەیە کەدەڵێ: «بیرکردنەوەی یەک رابەر لە قەزاوەتی تاریخ، تەنیا ئەوە دەتوانێ سەرنجی دەسەلاتدارانی دەوڵەت، لە پێداویستی سەختی لێبڕان و کارو کردەوەی نابە جێ بگێرێتەوە» **لە هەموشتێ گرینگتر ئەوەیەکە رابەر بەمێژو ناسیاوبێ.** بەواتای دەرس وەرگرتنی پێویست لە رابوردو.

دو هەم، سەر کۆمار دەبێ کەسانێ بۆ پۆستە گرینگەکانی وەزارەتەکانی دەرەوە، بەرگیری: «دیفاع» و دامەزراوەی هەوالگیری دەس نیشان بکا، کە **پێشتر پێشینەی بەرێوە بەرایەتیان هەبوبێ،** نەک ئەوەی تەنبا فەرمانبەر و شوێن کەوتەی سیاسەتی کەسانێتر بووبێتن.

سێهەم، سەرکومار دەبێ سیستمێکی بەهێزی ئەمنی نیشتمانی دابمەزرێنێ... چونکا بێ رەچاو کردنی ئەوسێ بنەمایە، سیاسەتی دروشم بە رز کردنەوە، هەرەس دێنێ. بەر لەوەی کەمەبەستی سەرەکی خۆم باس بکەم دەبێ بڵێم: بەهۆی ئوگریەک کە بەدەنگ و ئاوازەکانی **(ئوم کولسوم)ی ستران بێژی گەورەی میسریم هەیە،** رۆژانە ئەگەر لە ماڵێ دابم، لە کاتی پشودانی دوای خواردنی فراوین، گوێ دەدەمە گۆرانیەکانی ئەو هونەر وەرە، کەلە رادیو (ئیمارات) بلاو دەبنەوە و ئەزقەزا لە ماوەی ٢٠ رۆژ، شەرەکەدا، پێش لەدەنگ و باسی، تەنانەت ساتیکێش دەنگی گۆرانی (ئوم کولسوم) نەبرا، وەک بلێی لە ئیمارات هیچ کەس گوێی لەزرمەی تۆپە دور ئەنگێوەکان نیە. بەهەر حاڵ ئەو رۆژانە، روداوەکانی بەغدام لە ٨٠٠ ساڵی رابوردو دەهێنایەوە یاد.

خواجە رەشیدە دین فەزلوللا هەمەدانی گەورە دیروکزانی خودانی جامیع تەواریخ رستەیەکی جوانی هەیە ولە بابەت گەیشتنی سپای هولاکۆ بۆ شاری بەغدانوسیویەتی و دەڵێ رۆژی یەکەمی موحەرەم ساڵی ٦٥٥ مانگی و ١٩ ژانویەی ١٢٥٧ زویەکەمی رێبەندان، بەلە شکرەوە هاتە سەر، رێ کرماشان ـ حەلوان و **خواجە نەسیرەدین توسیو**

Dr.Saleh Ebrahimi



گەورە پیاوێکی وەکو: (عەلائەدین عەتامەلیک) لەگەڵ پاشاوکەسایەتیەکانی ئێران کە لە خزمەت دابون، بەگوێرەی نوسینی جامیع تەواریخ لە ٩ موحەڕەمی ٦٥٦ مانگی و ١٨ ژانویەی ١٢٥٨ ز - بایجونویان و بوقا تەیمور و سنجاق، لە ئاوی دەجلە تێپەڕ ببون و لەکازیوەی رۆژی ٥ شەمە عاشوراگەیشتنە شاری بەغا، هولاکۆ فەرمانی دا؛ **دادوەران، زانایان، شێخەکان، عەلەویان، ئەرکانان و ئەوانەی شەڕمان لەگەڵدانەکەن، دەس درێژیان ناکرێتە، سەرو لەئەماندا دەبن** و ئەو فەرمانە نووسراو لە ٦ لاوە هاویشترایە نێو، شارەکە، جا لەبەر ئەوەی لە نێزیک بەغدا بەردە مەنجەنیق نەبو، لە **جەبەل حەمرەین** و جەلەولا، هێنایان. رۆژی هەینی ٢٥ موحەرەم، بورجی عەجەمیان روخاند. ئەوسا بە فەرمانی هولاکو دەورو پشتی بەغدایان گەمارۆ داو لەپاڵ هەر مەنجەنیقێکیش دا، پاسەوانێک دانرا، بوقا تەیمور، رێگەی بەسرە - مەداینی خستبووە ژێر رکێفی خوێ، تا ئەگەر کەسێ بەکەشتی هەڵێ، پێشی پێی بگرێ.

نامەوێ وردەکاری یەکانی، بەسەرهاتی روخانی بەغاتان بۆبگێرمەوە، کتێبێکم بە نێوی (سەنگی حەوت قەڵەم) نوسیوە، کە چوار جار لە چاپ دراوە و تێیدا باسی ئەو رووداوەم کردوە. سپای مەغول لە باکورو باکوری رۆژ هەڵاتەوە، خۆی خزاند بووە نێو بەغدا، بەڵام ئەمریکا لە خوارێوە هێرشی بردبوە سەر بەغدا، هەر بۆیێ ناچار بوو بیاوانەکانی خۆراوای بەغدا ببرێ کە دیارە لە **سەردەمی خواجە نەسیردا**، هەڵە یەکی بەو جۆرە نەکراو هەزاران سەرباز هەروەکو سەعید سەحاف وەزیری راگەیاندنی بەعسی صەدام، گوتەنی، بەوێنەی مار لە و بیابانە قاقڕانەدا، بەرەڵڵانەکران. دیارە ئەگەر لەو سەردەمەدا، هەڵە یەکی واکرابا، ئەویش لە مانگی خاکە لێوەدا، رەشەبای رۆژاوای بەغدا چاوی سوارەکانی کوێر دەکرد، هەروەکو رۆستەمی فەڕوخزاد و ساخلوکردیان، بەڵام ئێستا سەردەمی ئەتۆمەو هەڵەی لەو جۆرەش، دەشێ راست بکرێتەوە، جگەلەمە، بەسەرهاتی داگیرکردنی بەغدا بەدەسی خواجە نەسیر، هەموکەس دەیزانێ کە چلۆن ئەلموعتەسەم بیللا، خەلیفەی عەبباسی، لە لبادیان پێچاو ئەوەندە سوی یانەوە و

Dr.Saleh Ebrahimi



شێلایان، کەگیانی دەرچو، هەر جەنابی رامسفێلد لێی بێ خەبەرە.

باش وایە باسی عەتا مەلیک ـ ی برای شەمسەدین جووەینی بکەم، بەراستی ئەو لاوە ژیرە واتە عەلائەدین کێ بوو؟ خەڵکی (جووەین)ی خوڕاسان بوو، خواجە نەسیرەدین توسی کە بەر لەوەی لەگەڵ هولاکۆدا بڕوا بە غابگرێ، چبوە بەغدا و لە خەڵیفەی ویستبو کۆمەکی ماڵی پێ بکا تا بتوانێ کارە عیلمیەکانی باش ئەنجام بدا، کە دەیسویست لەگەڵ محێدینی خەلاتی کورد، رەسەدخانە لەمەراغا سازبدا، بەلام خەڵیفە، پێی وتبو، شاخەکانت هێناوە، ئەویش کە بەدڵ ساردی بەغدای بەجێ هێشتبو، کاتێ هولاکۆ دەیویست هێرش بو بەغدا بەرێ، رێی نیشان دا و یارمەتی دا، جاکاتێ بەغدایان گرت، دەستوری‌دا زێڕ و تەلا و یاقوت و دوڕ و مرواریان لەگەنجینەی خەڵیفەوە لە نێو دەوری جیاجیا بۆ هێناو بە خەلیفەیان‌وت، بێخۆ، وتی: ئەوانە ناخورێن، پێیان‌وت: ئەی بۆ خرت کردونە تەوە جادەستوری‌دا لباد پێچی بکەن و بیسوونەوە تا دەمرێ ولە سەرەمەرگدا، خواجە نەسیر چوو وتی: خەلیفە چلۆنی، خەلیفە وتی: خواجە ئەوە تۆی، وتی: بەلێ ئیستا شاخەکانم کە هولاکویە، هێناومە (بڕوانە سەنگی حەوت قەلەم بەنەقل لە ریسالەی فەتحی بەغدا، خواجە نەسیرەدین توسی.) خواجە نەسیر، دەیزانی کە دەسەلاتداری ئیسلام کە پترلە ٥٠٠ ساڵە لە دیواری **چینەوە تا ئیسکەندەرون، باجی وەرگرتووە دەبێ بە شێوەیەک بە رێوە ببرێ کە خەڵک بیر لە تۆڵە سەندنەوە،نەکە نەوە** جا ئەوە بوو کە عەتا مەلیک ـ ی برای شەمشەدین جووەینی کردە، حاکمی بەغا. جا لە بەرئەوەی کەش و هەوای بەغداگەرم بوو، بیری کردەوە کە نەبادا ئەو هەمووە جەنگاوەرانەی مەغول لە بەغدا، ببنە هۆی تەشەنەی نەخۆشی وایکرد، ئەوانە بڕۆنە دەرەوەی بەغدا و هەروا خواجە نەسیر، دەیزانی کە بە هەزاران ساڵە خەڵکی **بەغدا بە دانە وێلە وگۆشت و شیرو رسق و رۆزی و میوەی کوردستان بەرێ دەچن و** پێی بژیوی خۆیان لە کوردستان دابین دەکەن و ئاوێ بە نێوکە بەشاری بە غدا، دێ و دەروا لە چیاکانی کوردستانەوە، سەرچاوە، دەگرێ، **جاکە وایە بەبێ بەشداری نەتەوەی کورد** لە هەڵسوڕاندنی بەغدا،

Dr.Saleh Ebrahimi



حوکومەت ناتوانێ سەقامگیرو بەردەوام بێ، خواجە نەسیر فرەزو، ڕێگە چارەی دوزیەوە، ئەبو عەبباس کوڕی خەلیفە لە شەرەکەدا کوژرا بوو هاو سەرە جوانچاکەکەی کە ناوی شەمسە زوحا، خاتون، شا لوڕکێ و کیژی عەبدولخالیق بن مەلیکشا ـ ی برای سولتان سەلاحەدین یوسف ئەیوبی، بووە، لە عەتامەلیک ـ ی مارەکردوە و ژنو شو لە بان تەختی زێرینی بەغدا دانیشتن و مێژوی ئەم روداوەیان بە ڕۆژی ١٤ی مانگی سەفەر ٦٥٦ مانگی و ٢٢ فەوریەی ١٣٥٨ ز ـ داناوە (بڕوانە کتێبی سەنگ حەوت قەڵەم چاپ ٣ پەڕەی ٤٩٣).

خواجە نەسیرەدین توسی باش زانیبوی کە بەغدا، بێ بەشداری نەتەوەی کورد، بەڕێوە ناچێ و سەقامگیر نابێ، ئەوە بوو عەتا مەلیکی کردەخزمی کوردان و **کوردی کردە برایەش لە بەڕیوە بردنی حوکومەتدا.**

ئەو حوکومەتە، بە ردەوابو تا مەغولەکان لە بەغا و تەورێز، تەختی بەختیان بە مەی خواردن و بەزمی بێ جیێ و دزی و درۆزنی، لەخۆ تێکدا و ئەو بەڵایەی بە سەر خەلیفەی عەبباسی هات، تەیمورە شەلە، بەسەر، سولتان ئەحمەد جەلاییر ـ ی هێنا.

نوکتە کاتێ **سەعدی ئەو شاعیرەگەورە** کە ئوستادی بەغا بوو، شینی بۆ ئەو کارەساتە گیراوە، بە تایبەت کە ئەو، هەمووە کتێبە دەس نوسانە خراو نەتە نێو، دەجلەو دەچلەی **ڕەش هەڵگیراوە، کە دیارەکتێبی دەسخەتی کوردیشی فرە تێدا بووە.** خواجە نەسیرکە قەسیدە عەرەبی یەکەی سەعدی دەبیسێ، **دەستوری دا سەعەی یان بە شوڵ دارکاری** کرد، کەلە پاشان سەعدی لە ڕێگای کوردستانەوە دەچێتە جوانرۆ ـ ی کوردستان دوای مانەوە یەک لە جوانرۆ، لەوێوە رادە کاو خۆدەگەیێنیتە، شیراز: (سیراج: سێریژ)، سەیرە، دەڵێ تاریخ دوپات دەبێتەوە کە لەکاتی گرتنی بەغا، بەدەسی ئەمریکا لە ڕۆژی ٩ مانگی ئاوریلی ٢٠٠٣ زو ڕۆحانی ڕەژیمی صەدام و صەدامیان و هێنانە خوارێ بوکلەی صەدام، خەڵکی بە ناڵچەی کەوش لەدمو فلچی وێتەی صەدامیان دەداو **هەواڵ نێرو ڕۆژنامەوانێ بەگوللەیێ کوژرا.**

Dr.Saleh Ebrahimi



خواجە نەسیر، باشترین وەرەز و کژی بۆگرتنی بەغا لەپێش چاوگرتبو، نەوای کرد، کە لە شکرەکە، پاوپلیان، وەک لە شکری سوڵتان محەمەد، خوارەزمشا لەگەردەنە و ملەی ئەسەداوای کوردستان، سەرما، بیان باوبمرن و ئەسب و هێستروبارە، بەرەکانیشیان قڕی کردو سوڵتان محەمەد، بەسەرشۆری بەرەو خوارەزمگەرا دوا وەو دوای ٥٠ ساڵ بەدەسی خواجە نەسیرو سپای هولاکو، بەغدا، داگیرکراو خواجە نەسیر، هەروا سپاهیانی توشی تۆف و تۆفانی شن نەکرد، سپای ئەمریکا و هاو پەیمانان بەیار مەتی هێلی کۆپتێری ئاپاچی، گیرخواردوانی لە تۆفانی شندا، رزگار دەکرد.

خواجە نەسیر لەو سەردەمەیدا، ئەوەی زانیبو، کە **بەبێ رازی بوونی نەتەوەی کورد،** حوکومەت کردن لە بەغدا، داوی دانا مەزرێ، چونکا دەیزانی سەد فرسەخ بالاتر لە بەغا زەوی یەک هەیە بەناوی: **کەرکوک، حەلەب، موسڵ، کەخاک و نیشتمانی کوردانەو ئاوی بەغدا لەدەجلەو کیفەکانی کوردستانەوە، دێ.** سەیرەو فرە جێی ورد بونەوەیە، لەو ماوە جەنگەو روخاندنی رەژیمی صەدام، **شتێکمان نەخوێندەوەکە، کەسێ لە بیری کوردستان دابوبێ.**

دیارە ئەوانەی کەزانا و خاک و ئاو ناسن، باش دەزانن، ئاوی دەجلە لە چیاکانی کوردستان، دێتە خوارێ تاکۆشک و تالاری بەغدا ئاوبدەن و پاراویان بکەن. سەر رەوی کوردستان لە راستیدا جیازو سەرجەهیزیەی ژیارو تەمەدونی بابیل، تیسفوّن و بەغدا ئاشۆر، سۆمێرو کلدە بووە وکراوەتە، خەرجی شارەکانی بابیل، تیسفون و بەغدا... و ئەم رشتە مێژووە تا رۆژگاری گزنفون (٤٠٠) بەر لە زایین کە **بە دەس کوردانەوە لەوسە فەرەداگیری خواردبو،** تا رۆژگاری سوڵتان سەلیم و شاهەباسی صەفەوی کورد و... هەمیشە لازم و مەلزومی یەکبون. تەنانەت مێژو دەڵێ (:کاتێ بە نوکید بەختونە سر لە بابیلدا، دە سەڵات پەیدا دەکا، تەماشا دەکا **ناتوانێ بێ رازی بوونی نەتەوەی کورد.** لەسەر دەسەڵات، بمێنێ، ناچار، دەچێ بە **کۆچیلی هووەخشە تەرە ـ ی پاشای کوردی** ماد، دوستایەتی لەگەڵ، دادە مەزرێنێ و لە ئاکامدا، (ئەمی تیس) کچی هووەخشەتەرە،

Dr.Saleh Ebrahimi



بۆ خۆی دەخوازێ و تەواوی باغە موعەلەقە کانی بابیل، دە کاتە مارەیی ئەو کیژە و ئەمە بەر لە ١٩٠٠ ساڵ روی داوەو ئەمە بەم واتایە زاڵمی پڕدە سەڵاتی، وەکو بوختونەسر، کەچاوی دوژمنانی خۆی بە نوکی خنجێرە زێڕینە کەی، لە کالان، دەردەهێنا، ناچار بو، دڵی **کوردە کان و پاشای ماد، بە دەس بێنێ** تا بتوانێ بە دڵنیایی و ئاسودەیی بژی و ئەو بیرو رایە لە زەمانی بە نوکید بوختونەسر تاروژگاری نوپاڵ پاشا و رۆژگاری نادرشای هەوشاری کورد، بەرێوە، براوە و تەنانەت لە سەدەی داهێنانی باروت و رۆژگاری صەفەوی و رکە بەرایەتی کردنی لەگەڵ عوسمانی و تابەر لە تێشکانی ئەلمان لە جەنگی نیوگەلانی و روخان و دابەش کردنی عوسمانی، دەسەڵاتدارانی سیاسی لە گرینگ **بوونی کوردستان غافڵ نە بوون.** دە گونجێ تەعەجوب بکەن کە بڵێم دەورانی تەلایی ئارامش، لە سەردەمێکدا بووە، کە کورد، تورک، عەرەب و عەجەم لە عیراقدا لە بن دەسەڵاتی مرۆ یە کدا بەناوی نوری سەعید ـ ی کورد، بەرێوە دەچو، کە دەساڵ زیاتر، لە دەورانی خواجە نیزامولمولک کە ٢٩ ساڵ و ٩ مانگ وەزارەتی چەن پاشای سەلجوقی، بە ئەستۆبووەو ساڵێ سێ چوارمانگ لەگەڵ مەلیکشا لە بەغدا، دەژیا، نوری سەعید لە ساڵی ١٩٢٣ ز، بووە، وەزیری دیفاعی کابینەی سەعدون و دوای ساڵێک بووە، وەزیری دیفاعی جەعفەر پاشا، تا دوبارە، دەوڵەت کەوتەوە دەس سەعدون و ئەویش بووە، وەزیری دیفاع، هەروا کاتێ سویدی پاشا، هاتە سەرکار، نوری سەعید، دوبارە، بووە، وەزیری دیفاع و لە ساڵی ١٩٣٠ ز ـ نوری سەعید، خۆی یە کەم کابینەی، سازداو دوای سێ (٣) ساڵ کە رەشید عالی گیلانی کورد لە ١٩٣٣ ز ـ بووە خودانی دەوڵەت و لە (١٩٣٣ ز) و ١٣١٢ هەتاوی **تەیمور تاش لە ئێران زیندانی کراو** کە زیندان مرد، [**نوکتە** تەیمورتاش، مەحمود ـ ی ئەفسارو ئیعتیلائولمولک و... دەیان ویست بە سەرکردەگی سمکۆی مەرن دەوڵەتێکی کوردی سازبدرێ بەڵام فروغی نەی هێشت و خەیانەتی بە کورد، کرد (شەپۆل)]. نوری سەعید هێمان وەزیری دیفاع بوو هەروا وەزارەتی جەمیل میدفەعی و عەلی جەودەتی لە پڕ ئاژاوەترین دا بە ئەستۆ بوو، لە

Dr.Saleh Ebrahimi



١٩٣٥ ز ـ وەزیری دەرەوەی جەمیل میدفەعی و لە پاشان بووە، وەزیری دەرەوەی دەورەی یاسین هاشم و لە ١٩٣٨ ز ـ کابینەی دەوڵەتی خۆی سازدا و دوای ساڵی مەلیک غازی پاشای عیراق لە لێخوڕینی ماشیندا، خۆی لە تیری چرا بەرق داومرد.

لە ساڵی ١٩٤٠ ز ـ رەشید عالی گیلانی لە عیراق کودیتای کرد و تێشکاو رەزاشای ئێرانیش دەرکراو محەمەد عەلی فروغی بوو، بە سەرۆک وەزیرانی ئێران و لەترسی موتتەفیقین هەم بێ لایەنی ئێرانی لەشەڕدا، باتڵ کردەوە و هەم بەدژی ئەلمان جەنگی راگەیاند و ئەوە لە هەل و مەرجێکدا بو، کە خاوەن بیروراو سیاسەت زانان لە ئێران، **لایەنگری ئەلمان بوون وتف و لە عنەتیان لە فروغی دەکرد** و منیش (پارێزی) کە لەو سەردەمەی دا خەریکی خوێندن بووم کە توانجم لە فروغی دە داوئێستا لەوکارەی خۆم پەشیمانم. یەغمایی بۆیی گیرامەوە کە چووەلای فروغی کە پێکەوە، دیوانی سەعدیان، راست دەکردەوە. فروغی، لەمنی پرسی یەغمایی، خەڵک لە بابەت کابینەی من چدەڵێن، یەغمایی دەڵێ: مەپرسە خەڵک خراپەت دەڵێن، کە بێ لایەنی ئێرانت لە شەڕ باتڵ کردوتەوە و شەڕ کردنت بە دژی ئەلمان، راگەیاندوە و ئیزنت داوە، تا موتتەفیقین، بێنە ئێران. فروعی پێی وتووە، ئێران ٦٠ سال نان و ئاوی بەمن داوە تالە رۆژێکی وە کوئێستا، بە کار بێم و خزمەت بکەم ئەبوو من، ئەو قەراردادە، گرێ بدەم، تا **(واوێ) لەودابە دژی بە رژەوەندی وڵات پەس و پێش،** نەبێ. ئەگەر من بۆ پاراستنی خۆم لە زمانی خەڵک، بۆ فریوی بۆرە پیاوان، شان نەدەمە، بەر ئەم کارە، دیارنیە، یەکێتر چ جۆرە قەراردادێ دە بەستێ (بڕواننە تەلاشی ئازادی بابی ٦ پەڕەی ٥٩٦).

لە دواییدا، دەرکەوت سێ چوار جوملە لەو قەرار دادە، لە دواییدا، گرێ پوچکەی فرەیێ لە پیاوانی ناوداری ئێرانی کردەوە، بەم واتایە، جوملەیێکی کورتی ئەوە بەم جۆرە بو و «مەجلیس: ئەنجومەن ـ ی رابوردو، درێژ بکرێتەوە، چون تاسپای بێگانە لە ئێراندایە هەڵبژاردنی دروست ئەنجام نادرێ.» ولە پاشان مەبەستێ توسویب کرا، کە هیچ قەرار و مەداری ئیمتیازێ، بێ پەسەند کردنی مەجلیس، شیاوی بەرێوە بردن نییە. (وەک ئەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



**ئه‌مه پێشنیاری موسه‌دیق بووه)**، کاتێ قه‌وام سه‌ڵته‌نه، چووه مه‌سکه‌و و قه‌رار دادی نه‌وتی مۆر و ئیمزا کرد، له‌و پاراگرافه که‌ڵکی وه‌رگرت وگوتی: «من قه‌رارداد، ده‌به‌ستم، به‌ڵام ئه‌بێ ئه‌نجومه‌ن، په‌سه‌ندی بکا، ئه‌ستالین قه‌بوڵی کرد، چاکاتێ ویستی هه‌ڵبژاردن بکا، قه‌وام وتی: تاسپای بیگانه له ولاتدا هه‌بێ هه‌ڵبژاردن قانونی، نییه. روسه کان له ئێران ده‌رچون و هه‌ڵبژاردن له ئێران ئه‌نجام درا، به‌ڵام هه‌ر ئه‌و ئه‌نجومه‌نه، له‌سه‌ر پیشنیاری‌د **شه‌فه‌قی، وتی: قه‌راردادی نه‌وتی باکور، وه‌ک گرێ نه‌درابێ و** مۆرنه کرایێ وایه و باتڵه. دیاره قه‌وام که‌وت، به‌ڵام ئه‌و (واوه‌ی) فروغی کاری خۆی کرد بوو.

با له مه‌به‌سته که‌ی خۆمان دور نه که‌وینه‌وه، مرۆی له کارزان ئه‌بێ بۆ رۆژی مه‌بادا **ئازوخه بکرێن. ده‌ڵێن:گه‌نجینه‌ی وڵات، مه‌ردانی شیاویه‌تی.**

کابینه‌ی نوری سه‌عید، ته‌نیا جارێ ئه‌ویش له ساڵی ۱۹۵۳ ز و ۱۳۳۲ هه‌تاویدا بو، که قت‌بو و جه‌میل میدفه‌عی هاته‌سه‌رکارو موصه‌دیقیش هه‌رله‌و ساڵه‌دا، له‌کارلادرا، به‌ڵام نوری سه‌عید بووه وه‌زیر دیفاعی جه‌میل مبدفه‌عی و بۆساڵی دوایی ۱۲هه‌مین کابینه‌ی خوێ سازدایه‌وه. ئه‌و تا ۴۰ سال دایپرمه‌داری کاروباری ولاتی عیراق بوو. ته‌نیا هونه‌ری نوری سه‌عید له‌وه‌دا بوو که کورد و ناکورد، هه‌روه ک:گۆی رۆژو مانگ، له نیۆ له‌پی هه‌ردو ده‌سیا بوون و ته‌وازوی راگرتبون. تا له به‌ره به‌یانی رۆژی ۱۴ ژوئیه‌ی ۱۹۵۸ زو ۲۳ پوشپه‌ڕی ۱۳۳۷ هه‌تاوی که عه‌بدولکه‌ریم قاسم کوردی فه‌یلی: (پاله‌وی) هاته، **سه‌رکارو رایگه‌یاندکه ولاتی عیراق هی‌کورد و عه‌ره‌به** و نوری سه‌عید له کاتی هه‌ڵاتن دا، خۆی له چارشیوی ژن پێچابو ناسراوتیکه تیکه کرا. دیاره صه‌دامیش دوای ئه‌و هه‌مووه زوڵم و زۆره که هه‌ڵه‌بجه‌ی کرده هێروشیمای کوردستان، سه‌ری به‌په تاکرا. خواجوی کرمانی به‌شیعر رایگه‌یاندوه که: خاکی به‌غدا به خوێنی خه‌لیفه کان ده‌ڵێ: ئه‌ی ئه‌م ئاوه؛ به خوره چی‌یه؟ که به نێو به‌غدادا تێ ده په‌ڕێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



# کیانیان

زنجیرەی پاشایانی کیانی یاکیانیان، ژمارێ لە پاشاکانی بەرەگەز کورد، بوون، کریستینسین و هەندێ مێژو، زانی ناودار بە پێی کتێبی ئاوێستاو چریکە و چیروکی مێژویی، نیشتمانی و دینی ساسانی بیرو باوەڕیان وایە، کە تاریخی کیانیان، لە سەرئەفسانەو ئوستورە، ساز نەدراوەو راستیو رو داوێکی تاریخە، ناوی پاشایانی ئەم زنجیرەیان بەمجۆرە، هێناوە: ١ ـ قوباد: کەیقوباد ٢ ـ کەیکاوس بن کەیقوباد ٣ ـ کەیخوسرەوبن سیاوەش بن کەیقوباد ٤ ـ کەیمیهراوبن کیوجی بن کەیمەنیش بن کەیقوباد ٥ ـ گوشتاسب بن لوهراسب ٦ ـ بەهمەن بن ئیسفەندار بن گوشتاسب ٧ ـ هومای کە بەریوایەتێ ئافرەت و بەریوایەتێ ترکیژی بە همەن کە دوای وی چوّتەبان تەختی پاشایی ٨ ـ داراو ـ ی یەکەم کوری هومای ٩ ـ داراو ـ ی ٢ کە لەگەڵ ئیسکەندەردا جەنگی کردوە و تێشکاوە و لە ئاکامدا، زنجیرەی پاشایانی کیانی بنەبڕبون. لەم پێڕستە، ئەوە دێتە بیر، کە لەوە دەچێ دارای ١ و ٢ داریوشی ١ و داریوشی ٣ ی هەخامەنشی بن. ناوی کەیخوسرە و، **سێوەمین پاشای کیانی چەن جار لە ئاوێستادا ناوی** هاتووە و فەڕی ئێزەدی هەبووەو لەویژاوەری پەهلەویشدا ناوی باوکی بە سیاوەش کوری کەی ئاوس و دایکیشی بەناوی (ویسیان فریە: (فەرەنگیس) کەلە کنگ دژ (: کەنگاوەر) لە دایک بووەو یە کێ لە کارە گرینگەکانی بەوە دانراوەکە بوتخانەی دژ ـ ی بەهمەن کەلەکەناری ئاوی چیچست (ورمێ) بووە، وێرانی کردون.

نیزامی بەشیعر دەڵێ: (چو بر کیخسرو آواز دادی / بکیخسرو روان را باز دادی).

**کەنوڵە**، شاریکە، ناوەندی دێهستانی دینەوەرە لە بەشی سەحنەی شاری کرماشان دایەولە ٢٥ کیلۆمیتری باکوری خوراوای سەحنە، دایەوکێفاوی و ساردەو زیاتر لە ٣٠٨٥ کەس لەوێ دەژین و کوردن و کاریان جوت وگاوکشت وکاڵە و توتن و میوە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرهەم دێن. کۆکیلۆیە، فەرمانداری کۆکیلۆیە و بۆیر ئەحمەدی کەش و هەوایێ ساردی هەیەو تایفەی لوڕ، بۆیر ئەحمەدی، مەمەسەنی لەو ناوچانە دەژین و ناوەندی کۆکیلۆیە شاری دەشت ـ ە و ناوەندی بۆیر ئەحمەدیش شاری یا سوجەوگەچسارانیش یەکێ ترە لە بەشە کانی شارستانی کۆکیلۆیە، ئەم شارەدارای چالاوی گرینگی نەوتنە کە بە لولە، دەبریتە جەزیرەی خارک. لە ناوچەی کۆکیلۆیە بە (گێوژ) دەلێن کۆلیکۆیە. دیارە گێوژ یا گۆیز، بلج، گفیشک، گیوژە زەردە، گێوژی زەرد، گێوژە سورە؛ گۆیزی سور، هەیە و بە فارسی زالزالەکی پێی دەوترێ و لە کوردیدا بەم (ناوانەش ناودارن گێوژ، گهوژ، گهیشک، گۆشک، گۆهێژ، گفیر، ریلی، ناودەبردێن، جاچون لەو ناوچە میوەی وەحشی کۆلیکۆیە: گێوژ فراوانە. ئەو، ناوچە، بەو ناوە ناوی دەرکردوە. ناوچەی کۆکیلۆیە کراوەتە بەشێ لە شاری بیهبەهان. **کوردیان** یە کێکە لە ۴ بەشی شارستانی جەهروم و هەرواکوردیان ناوە بۆگوندێ لە دێهستانی شاری نەو بالای ولاتی باخەرز ـ ی سەربە تەیباتی مەشهەد ـ ی خوراسان و ٦٦کیلومیتری باکوری خوراوای تەیبات دایەو ١١٢١کەسی لێ دەژی و فرە بەرو بوی هەیە (فەرهەنگی موعین بەرگی ٦ چاپی ٥ سالی ١٣٦٢ هەتاوی تاران، ئەمیر کەبیر.

Dr.Saleh Ebrahimi



# نیشانه‌کان

ج: جه‌لد ـ جم: جێی جیاجیا ـ چ: چاپ ـ د: مردوه ـ س: ساڵ ـ ش: ژماره ـ قیس: قیاس بکه ـ کم: کیلۆمیتر ـ کم ٢: کیلۆمیتری چوار گۆشه ـ کم ٣: کیلۆمیتری موکه‌عه‌ب ـ کم ٢: میتری چوار گۆشه ـ م ٣ میتری موکه‌عه‌ب ـ حکم: حوکومه‌ت ـ ه م: هه‌رئه‌و ماده، هه‌رئه‌و سه‌رچاوه ـ ه مم: هه‌رئه‌و مادانه‌و سه‌ر چاوانه ـ هه‌ر ئه‌و: نوسه‌مرری پێشو ـ سا: ساده ـ بۆ پشودان و جیاکردنه‌وه: وچان یا پشودانی ته‌واو ـ: نیشای ڕافه ـ « » نیشانه‌ی نه‌قل ـ؟ نیشانه‌ی پرسیار ـ خه‌تی ـ ڕه‌ش نیشانه‌ی جیاکردنه‌وه‌ی عیباره‌ت ـ... نیشانه‌واژه‌ی قرتاو ـ؛ نیشانه‌ی پشودانی فره‌که‌م ـ ژماره‌یێ که‌دوای ناوی نوسه‌ر یاکتیب دێ وه‌ک ١٢ یا ٢٠ یا په‌ره‌ی ١٢ یا ٢٠ ـ

هه‌رکاتێ سه‌رچاوه‌که، لاتین بێ ژماره‌ی به‌رگ به‌لاتینه (په‌ره‌ی 36 یا ریو 11/127) ده‌نوسرێ ـ ئه‌م (ه) نیشانه له ١٣٥° / نیشانه‌ی ده‌ره‌جه‌یه و ئه‌م (ـ) له ٥١٣´/٢١٣´ دا نیشانه‌ی پرینه.

Dr.Saleh Ebrahimi



دونێر donery زاناو بیروردی ئوروپایی دەڵێ [گرینگترین هۆکە ئوروپا بە نێوی کیانی موتەجانیس و شوێدانەر، کە بە خوێدا هات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجۆرە بوون: ۱ ـ هەبونی زمانی لاتین ۲ ـ ئەدەبیاتی کۆن ۳ ـ روناك بیران یا ئێتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زایینی یەوە، لە زانکۆکانی هاوویتە دەسیان کرد، بە دەرس و وانە گوتنەوە. منیش دیتم زمانو شیعری عەلی عەریری و حەکیم ئەحمەدخانی، مەلای جزیری و بێسارانی و حەکیم مەولەوی کورد و حاجی قادرو... زاناو نوسەرو مامۆستای دەرس بیژی زانینگەو زاکۆمان هەیە، قورئانم هێنابە سەر زمانی شیرینی رۆژباوی **کوردی، تا زمانی کوردی ببێتە، زمانی قورئان و لە نێو خەڵکدا قیداسەت پەیدا پکاو** کەس نەوێرێ زمانی کوردی قەدەغە بکاو ئەوانەی هۆگری قورئانن لە رێگای قورئان خوێندنەوە، باشتر هوگری زمانی شیرینی کوردی بن و لەو رێگا یەوە، زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێ.

دوای پرس و رالەگەڵ دۆستان وەختی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاغای پەهلبود، زاراوی حەمەرەزا شاو وەزیری فەرهەنگی ئەو سەردەمە، وەرگرت و قوئانە کوردی یەکەی خۆم و کتێبێ کە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی ئینجیلی وەرگێرا بووەسەر زوانی کوردی کە لە ساڵی ۱۳۰۹ هەتاوی کلێسەی لە شەقامی قەواموسەڵتەنە لە تاران بە ناوی مزگانی نەزانی بە کوردی بوی چاپ کردبو و پێشەکییەکی وردی پرواتای بەفارسی بۆ نوسیبوو بردم و چومەلای پەهلبود، لە پێشدا ئینجیلە کوردی یەکەم دادەسیو پێم‌وت:

ئەمە کلێسە لە چاپی داوە، دیارە خەڵکی کورد، کە ئەمە بخوێنێتەوە، هۆگری بۆ دینی حەزرەتی عیسا پەیدا دەکا، منیش قوئانم هێناوەتە سەر زمانی کوردی تا خەڵکی باشتر لە قورئان حاڵی بن و لە سەر دینی خۆیان زیاتر سوربن، پەهلبود، فرە بە پلە چاوێکی بە سەر، پێشەکییەکەیدا، گێراوتەماشای کوردی یەکەیشی کردو داینا و قورئانە کوردی یەکەی لێوەرگرتم و تەماشای کرد لە پاشان، لەسەر میزی بەردەمی خۆی داینا و منیش وتم بۆیێ هاتوم لوتف بکەی بۆم لە چاپ بدەن، لەوە لامدا وتی: ئێمە ناتوانین قورئان بە کوردی لە چاپ بدەین، چونکا کوردی گویشە (: بن‌زارە) ئەگەر قورئان بە کوردی لە چاپ بدرێ و بلاو ببێتەوە، کوردی پرهێزو قەوی دەبێ و ئەوەیش زەرەر و

Dr.Saleh Ebrahimi



زیان بە زمانی فارسی دەگەیێنیٚ و هەرچی شێرو ڕێویم بۆهێنایەوە کەلکی نەبوو بەدڵ ساردی لەلای هەستام و لێمداروٚیشتم.

شوکر بۆخوا بە پێی پەروەندەی کلاسە ۴۸۱/۴/۸۲ و ژمارەی دادنامەی ۲۵۶ شوعبەی ۳ دادگای تەجدید نەزەری ئوستانی تاران لە ۱۳۸۵/٦/۷ هەتاوی بەتەئیید نەزەری کارناسی ڕەسمی وەزارەتی دادگوستەری (عەلی بیانی فەڕ)، ریشتەی کتێب و کتێبداری و بە ریعایەتی مەوازینی شەرعی و قانونی و تەشریفاتی دادرەسی بە ئیستینادی ماددەی ۳۵۸ قانونی دادگای بەدەوی ستادی مەنتەقە ۲ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی مەحکوم و رای قەتعی دراوە و جێی قسە نەماوە. جێی ورد بونەوە یە کە کارناسی (عەلی بیانی فەر) لەراپورتی ۸۱/۱۰/۳ خویندا، بە پێی نامەی ژمارەی ۳/۲۳۵۱۳ مورەخەی ۷۹/۵/۲۰ کە تاریخی ئیمزاکەی ۷۹/۷/۲٦ یەکەلە لایەن سازمانەوە بە تیژاژی ۱۰۰۰۰ دانە ئیجازەی چاپی ئەو قورئانە کوردی‌یە بە بلاوکی ئاداب لە چاپخانەی جیهان لە مەشەهەد، ئەملاولا دراوە، هەروا رای گەیاندوە کە غەیرە موجاز لە چاپخانەی پیروز و هەندیٚ کەس لەم لاو لەو لا لە چاپ دراوە و لە جەلەسەی ۸۱/۹/۲۵ لە قوم ئەوەیان راگەیاندوە و کارناس رایگەیاندوە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ۴ جار لە تیراژی ۵۰۰۰ و ۳ جار لە تیراژی ۱۰۰۰۰ جەڵد، کە بە تیکرا لە ۵۰۰۰۰ نوسخە لە چاپ دراوە و سازمان مەجبور بووە بە پییٚ سەنەدی کەتبی دیان بەو پەنجا هەزار چاپ کراوەدا بنیٚ و هەروەها کارناسی ناو براو ئەوە کە **واتای ئایەتی ٦ سورەی مائیدە لە** بابەت وضو ودەسنوێژەوە لە چاپی ئەوەڵ بە پێی بیروبڕوای موتەرجیم ئاغای دوکتور محەمەد صاڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانکۆی تاران کە ئەهلی تەسەنونە، لە چادراوەو لە چاپی دوەمدا، واتاکەی گۆڕدراوە و لەگەڵ چاپەکەی ئەوەڵ یەک ناگرێتەوە مافی وێراستاران نەبووە کە خویان بە ناو بە موحەقیق داناوە، ئەوان، نە شەرعەن نە قانونەن حەقی دەسکاری واتای ئەو ئایەتەیان نەبووە و لە باتی ئەوە خۆیان بە شێوەی بیروڕای خۆیان قورئانیان تەرجەمە بکرداییٚ نەک دەس لە سەرمایەی فیکری موتەرجیم بدەن. عەلی بیانی فەڕکاناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری ریشتەی کتێب و کتێبداری ۸۱/۱۰/۳ ژمارەی نامە ۸۱/۵۴ مۆر و ئیمزا.



سردشت، کاوشهای محوطه باستانی ربط، نمایی نزدیک از سنگفرشها با دوایر متحدالمرکز.




سردشت، کاوشهای محوطه باستانی ربط، تصاویری از نقوش گیاهی.

Dr.Saleh Ebrahimi



## پێڕست

| مەبەست | پەڕە |
|---|---|
| سەرەتا | ١ |
| ئاڵ و کوڕ | ٢ |
| مادونشینگەو وارگەی ماد | ١٧ |
| هۆزی ماد | ١٧ |
| دەوڵەتی ماد | ١٨ |
| بێستون | ٢٣ |
| شاری بیستون و پێشینەی مێژویی | ٢٥ |
| سەرچاوە | ٣٠ |
| فەرمانرەوایانی دینەوە روشارە زور | ٣٢ |
| نوکتە گوچێهر | ٣٥ |
| بێستون و کەونارا ناسی بێستون | ٣٧ |
| گەنجینەی زیۆیە | ٤٧ |
| مەعبەدی میترا لە غاری کەرەفتو | ٤٨ |
| پشتکۆ | ٥٠ |
| پێشینەی میژویی | ٥١ |
| ماسەبەدان | ٥٢ |
| جیبال | ٥٤ |
| بزاوی خورەمدینان | ٥٦ |
| سەرچاوە | ٥٩ |
| پەریشانی لوڕ | ٦٢ |
| مامۆستا مەلا سەعید | ٦٨ |
| پاوە | ٨٠ |
| گوندی هەجیج مەدینەی فازیلە | ٩٣ |
| هەجیج | ٩٤ |
| وێنە | ٩٨ |

Dr.Saleh Ebrahimi



قەباڵە کۆنەکانی باغی تریێ هەورامان ........ ١٠٠
قیمەتی ........ ١٠٣
بە زمانی پارتی ........ ١٠٦
ژالە ئامۆژگار ........ ١٠٧
بەرێز دوکتور جەماڵ رەشید ........ ١٠٩ و ١١١
زمانی قەباڵەی ٣ ........ ١١٤
تەرجەمە بە کوردی ........ ١١٥
تەواوی نوسراوەکەی بەرێز دوکتور محەمەد ئەمین هەورامانی ........ ١١٩ و ١٢٠
واتاکەی بە شێوەی گشتی ........ ١٢٩
دەمەتەقێ ........ ١٣٣
بیرورا ........ ١٣٤
کەرەستەی زمانی ئارامی ........ ١٣٧
مثرابادی ........ ١٤١
لەروی کۆمەڵایەتی یەوە ........ ١٤٣
لەروی رامیاریەوە ........ ١٤٤
قەواڵە کۆنی باغی هەورامان لە... ........ ١٤٦
کەڵهور ........ ١٤٩
گردی گوندی کەو نارای حەسەنلو ........ ١٦٤
جامی تەلا ........ ١٧٣
دۆزینەوەی قەبری گیلگمیش ........ ١٨٥
عەبدوللا گۆران ........ ١٨٧
لێکۆڵینەوە یەک لە سەر شیعری گۆران بۆدەروێش عەبدوللا ........ ٢١٣
چەند نوکتەی جوانی مرۆڤانی کوردی ........ ٢١٨
بلیمەتەکانی کوردەواری ........ ٢٢٥
سەڵماس (زاروەند) ئاوێتەی مێژو ........ ٢٣٠
نوگەنجی نادیار ........ ٢٣٤
ئاترۆپاتان ........ ٢٣٧
ژن لە هەوراماندا ........ ٢٤٤
جلک ........ ٢٥٠

Dr.Saleh Ebrahimi




میژوی جلکی ژن ........ ۲۵۴
ویّنه ........ ۲۵۷
ویّنه ........ ۲۵۸
نوکتەی ورد و جوان ........ ۲۵۹
ئافەرین ........ ۲٦۰
یەک واقیعیەت ........ ۲٦۲
کورد لە روّژ هەلاّتی نافیندا ........ ۲٦۸
کەریمخانی زەند ........ ۲۷۰
وتوویژیّک ........ ۲۷٦
ورمیّ ........ ۲۹۵
وردبونەوە یەک ........ ۳۰۸
واژەی کوردی ........ ۳۱۲
بیروّرای تەفسیرنوسان ........ ۳۱۷
حەکیم ئەحمەدخانی ........ ۳۲۸
عەللامە، ماموّستا مەلاحسین مەجدی ........ ۳۵۰
بیرورا ........ ۳۵۴
کیانیان ........ ۳٦۴